# سەرۆك كۆمار ئامادەی قەداسەكی جەژنی قیامە بوو



سەرۆك كۆمار د.لەتيف جەمال ڕەشيد ئەمڕۆ يەكشەممە 31-3-2024 لە بەغداد ئامادەی قەداسەكی تايبەت بە جەژنی پیرۆزی قیامە بوو، كە لە كاتدرائيەی قەديس يوسف ڕێكخستبوو.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆک کۆمار رایگەیاند لەو ڕێوڕەسمەدا، سەرۆك كۆمار پیرۆزبایی جەژنی قیامەی لە مەسیحییەکان کرد و ئومێدی ئاشتی و چاکە و خۆشەویستی بۆ خواستن.

هەروەها سەرۆك كۆمار دوپاتيكردەوە، گەلی عێراق بەهۆی ڕژێمی تۆتالیتاری و تاقمی تیرۆریستی و تاوانەوە، بە هەلومەرجی سەختدا تێپەڕیون. هەربۆیە داوای یەکگرتوویی نیشتمانی و یەکێتی گەلی کرد لەسەر بنەمای بەهاکانی خۆشەویستی و دادپەروەری و یەکسانی.

